قوباد تاڵەبانی پەیامێکی لەبارەی ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بڵاوکردەوە

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی لەبارەی ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بڵاوکردەوە و لە پەیامەکەی هاتووە، "لە نۆیەمین ساڵیادی جینۆسایدی خوشک و برا ئێزیدییەکانمان لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، یادی هەموو قوربانییەکانی ئەم تاوانە ترسناکە دەکەینەوە".

هاتووەش، "ئێزیدییەکان لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی دڕندەیی و ستەمێکی گەورە بوونەتەوە، دوایین قۆناغیان کۆمەڵکوژییان بوو لەلایەن داعشەوە، بەڵام ئەمجارە بەتەنیا نەبوون، بەڵکو هەموو کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی لەگەڵیان بوون".

تاڵەبانی وتیشی، حکومەتی بەریتانیا چووە لیستی ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی فەرمی تاوانەکەیان بە جینۆساید ناساندووە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بەرەو بەدیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی ئێزیدییەکان کە بەرەو پێشەوە دەچن، دەمەوێت سوپاسی حکومەتی بەریتانیا و هەموو ئەو وڵاتانە بکەم کە ئەم هەنگاوە گرنگیان گرتەتە بەر.